هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت (بە تەواوی) هەتاوەکو هەوا وئارەزووی بە پێی ئەو ئایینە دەبێت کە پێی هاتووم

لە ئەبی موحەممەد عبداللە کوڕی عەمر کوڕی عاس -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ یەکێک لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت (بە تەواوی) هەتاوەکو هەوا وئارەزووی بە پێی ئەو ئایینە دەبێت کە پێی هاتووم».

[قال النووي: حديث صحيح] [رويناه في كتاب الحجة بإسناد صحيح]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردۆتەوە کە مرۆڤ نابێتە باوەڕدارێکی کامڵ هەتاوەکو خۆشەویستییەکەی شوێنکەوتەی ئەوە دەبێت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی هاتووە؛ لە فەرمان و نەهی لێکراوەکان و جگە لە ئەوانیش، ئەوەی کە فەرمانی پێکردووە؛ خۆشیدەوێت، وئەوەی کە نەهی لێکردووە؛ ڕقی لێیەتی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66535